# ڕۆژنامەی خەبات: پێشێلکردنی بەردگەریەوامی کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامە

د.کەمال سیەید قادر

ئەخلاق وەکو یاسایەکی عورفی ڕۆلی سەرەکی لە ڕێکخستنی پەیوەنی یەکانی تاکە کەس لە نێو کۆمەلدا دەبیتێ وە هەتا لە بواری پەیوەندی نێوان تاکە کەسو دەسەلاتیشا. بەلام هەندێ بواری کۆمەلایەتی هەن کەوا بنەما ئەخلاقی یەکان ڕۆلێکی زۆر تایبەتی تیا دەگێڕن وەکو بواری ڕاگەیاندن بۆ نمونە چونکە هۆکانی ڕاگەیاندن ئەگەر بە نادروستی بەکارهێنران ئەوا دەتوانن زیانی زۆر  گەورە بە پەیوەندی یەکانی نێو کۆمەلگا یاخود هەتا نێو دەولەتیش بگەیەنن بۆیە دەبینین کەوا   هەمو شەڕێکی نێودەولەتی یاخود ناوخۆ هەردەم پێشتر بە شەڕێکی ڕاگەیاندن دەست پێ دەکەن چونکە ووشە خۆی چەکێکی قورسە دەتوانێ قولترین برین لە ناخی تاکەکەسو کۆمەلێکدا بنێتەوە.
جا خۆ ئەگەر هۆیەکی ڕاگەیاندن سەر بە لایەنێکو حیزبێک بێت ئەوا ئەو کاتە دەبێتە خەنجەرێک چونکە بە هەر دوو دەوەکەی برین دەنێتەوە دژی خاوەنەکەیو دژی بەرامبەرەکەشی. هەر بۆیەشە ڕێکخراوی ڕۆژنامەگەری جیهانی و ڕێکخراوە نەتەوەیی یەکانی تری لەم جۆرەش هەلساون بە ئامادەکردنی کۆدێکی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری وە ئەم بنەما ئەخلاقی یانەی تیا دیاری کراون کە دەبێ ڕۆژنامەنوسو هۆیەکانی ڕاگەیاندن پەیڕەوی بکەن لە بواری کارەکانیانا وکو ڕاستگۆیی، ئاماژەکردن بۆ سەرچاوە ڕاستەقینەکانی هەوالو بابەت وە نەگۆڕینی ناوەڕۆکیان وە پێش هەمو شتێکیش ڕیز گرتن لە مافی ملکداری ڕەوشەنبیری واتە نابێت بەرهەمی ڕەوشەنبیری هیچ کەسێک بکرێت بە بەرهەمی لایەنێکی تر.

ڕۆژنامەی خەبات کەوا ئۆرگانی پارتی دیمکراتی کوردوستانە واتە ڕوی دەرەوەی ئەم حیزبەیە وە حیزبیش وەکو کەسێکی مەعنەوی ئۆرگانەکە دەبێتە دەموچاوی، مێژویەکی پڕ خەباتی هەیە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە وە ڕۆلێکی سەرەکی  گێڕاوە لە هەلگیرساندنی مەشخەلی خەباتی گەلی کورد دژ بە کویلایەتی بەلام مەشخەلی ئەم ڕۆژنامەیە وا خەریکە لەم ماوەی دوایەدا نەختێک پرتە پرتو دوکەل دەکات.

نوسەری ئەم چەند دێرە هەرچەندە حەزی نەدەکرد ئەمجارەشیان دەست بخاتە سەر برینی ئەم ڕۆژنامەیە بە تایبەتی کەوا نوسەر خۆی لایەنێکی کێشەکەیە، بەلام بەرژەوەندی گشتی وا ەخوازێ کەوا هیچ کەسێک نابێت بێ دەنگ بێت لە هەر ناڕاستی یەکو گەندەلی یەکو خوارکردنەوەیەک لە هەر شوێنێک ڕوبداتو لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت.

ڕۆژنامەی خەباتی بەڕێز لە ژمارەی 16.2.2005 خۆیدا لە لاپەڕە 9 (تکایە بڕۆ سەر ئەم لینکە http://www.xebat.net/Arc/Xebat/16-2-2005/x9.pdf)
یاخود سەیری پاشکۆی ئەم بابەتە بکە) بابەتێکی نوسەری لە سایتی دەنگەکان وەرگرتوە( لینک http://www.dengekan.com/04-02kamalSaidKader11.pdf )
لە ژێر ناونیشانی (تێرۆر تاوانێکە دژ بە هەمو مرۆڤایەتی) کەوا نوسەری ئەم چەند دێڕە بە بۆنەی تاوانە تێرۆریستی یەکەی کەوا دژ بە میللەتی کورد لە 1 شباتی 2004 ئەنجامدرا نوسیبوی وە بە هەمان دەقە کوردی یەکەی خۆی بلاوی کردۆتەوە بەلام جگە لەوە ناوی سەرچاوەکەی نەهێناوە کەوا سایتی دەنگەکانە هەلساوە بە گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی نوسەریش وە گوایە بابەتەکە لە لایەن بە ڕێزێکەوە بە ناوی (غازی حاجی شێروانی) لە فارسی یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. نوسەری ئەم بابەتە هەرچەندە شانازی بەوە دەکات کەوا بابەتێکی لە سەر شەهیدانی تاوانە تێرۆریستی یەکەی 1 ی شبات بلاو ببێتەوە وە لاریشی نی یە کەوا ناوی نەیەت بەلام بۆچی پێ ناسەی نوسەر دەکەن بە فارس لە گەل هەمو ڕیزیشما بۆ میللەتی فارسو هەمو میللەتێکی تریش لە جیهان؟ دەبوایە وەکو ڕیزێکیش بۆ سایتی دەنگەکان کەوا سەرچاوەی بابەتەکەیە بە لایەنی کەمەوە ئاماژەی بۆ بکرێ.

هەلسوکەوتی لەم جۆرەی ئەم ڕۆژنامەی جێگەی سەرسوڕمانە بە ڕاستی کەوا تا ڕادەیەک پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە ئایا چی سازمانێک لە ڕاستیدا سەرپەرشتی ئەم ڕۆژنامەیە دەکات یاخود هەر وەفاداری بۆ ئەو حیزبە هەیە کەوا لە پشتی یەتی وە نانی چەوری کارمەندەکانی دەدات؟ ئایا سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیە تا چی ڕادەیەک ئەرکەکانی خۆی جێ بە جێ دەکات؟ ئەمە دووەم کێشەی لەم جۆرەی نوسەرە لە گەل ئەم ڕۆژنامەیە کەوا باوەڕی هەتا بەو کۆدە ئەخلاقیەش نی یە کەوا بە قەلەمی بەڕێزخانمی ڕۆژنامەنوس چیمەن سالح لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو بلاو کراوەتەوە.
باشە هەر هیچ نەبێت وەکو ڕیزگرتن لەم حیزبەی کەوا ئەم ڕۆژنامەیە قسەکەریەتی واتە دەموچاویەتی نەدەبوایە ئەم ڕۆژنامەیە دەموچاوی ئەم حیزبە لەکەدار بکات.

نوسەر نایەوێ کۆنە کا بە با کاتەوە ئەگەرنا دەتوانرێ ئاماژە بۆ زۆر لایەنی تر بکرێت بەلام وا باشترە لایەنی لێپرسراو بە چونی یەتی بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژنامەیە بچنەوە ئەگەرنا ڕۆژێک دێت کەس قسە ڕاستەکانیشیان پێ باوەڕناکات.